# بۆ كۆچی پڕ لە ئەسەفی ئەكرەم عەنەبی هاورێم




**بڵێم چی دیدەكەم هەڵەبجە دەمێكە هێشوو ناگریٚ**

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

من هەمیشە ئەڵێم ( تا لە ژیان تێئەگەین ئەمرین و پێی ناگەین باشتر وایە لە مردن تێبگەین بۆ ئەوەی بژین) ئاخۆ ئەو ستایلە چییە مەرگی ناوادە خۆی تیادا نمایش ئەكات، لای من مرۆڤی بالاَ هەرگیز نامریٚ بەڵكو وانەی مەرگمان فێر ئەكات، ئەكرەم عەنەبی بە مەرگیش هەر مامۆستاو فێرگەو شیعرو ناسكی و عیرفان بوو، ووردبوونەوە لە مەرگ و ژیان رەنگە جۆرێك بێت لە عیرفان و تەسەوف، ئاخر لەحزە عیرفانیەكانی ئەكرەم عەنەبی تا لە ژیاندا بوو گەلیٚ زۆر بوون، من بەوەدا دەمزانی ئەم كوڕە گەورەیە كە بەردەوام لە خۆبچوككردنەوەدا بوو بۆ خۆی و دەوروبەروشارو هاورێكانی، بیرمە كە ماڵمان لە هەولێربوو زۆر دڵی بە ماڵی ئێمە ئەكرایەوە بەتایبەتی ئەو كاتانەی لەگەڵ دەستەیەك لە هاورێیان دەستەی ژیاریان پێكهێناو گۆڤارە جوانەكەی ژیاریان دەردەكردو هەمیشە ئەیگوت ئاسۆ ماڵی ئێوە جوانەو باوكت ئەوەندەی دیكە جوانتری كردووەو پڕە لە حیكمەت، هاتووچۆمان گەرم بوو، شەوان ئەماینەوەو ئەهاتە ماڵمان، لەبەردەم باوكمدا كە مەیلی عاریفانەی هەیە خۆی ئەكردە منالْ و گروگاڵی بۆ وەجدو حاڵەتە عیرفانیەكانی خۆی ئەكردو تا شەوانێكی درەنگ ئەبووە گوێگرێكی بێدەنگ و جارجار پرسیاری غەزالیانەو گروپەكانی خەواریج و موعتەزیلەو ئەحمەدی و حافزو فیردەوسی و تەشەیوع و شەرع و تەفسیرو تەئویلی لێئەكرد، خوانەكات باسی حیزب و جەدەلەكانی حیزب هەر بوونی نەبوو، ئیدی دەیوت كات درەنگەو ماڵئاوا ئێمە ئەرۆین مامۆستامەلالەتیف، ئەو وەك هەڵەبجەییەك و نوسەرو خوێندكارێكی خاوەن مەعریفە زۆر بێبەری بوو لە چێژە تەقلیدیەكانی ژیان و مۆدێلاتەكانی، بەلاَم بەردەوام گەریدە بوو بۆ چێژە نهێنیەكانی خۆی، بەدوای زانستەكۆن و نۆستالیژیەكاندا هەڵوەدا بوو، ژیانی ئەو وەك هەر ژیانێكی سادەی ئینسانی كوردی وابوو بەلاَم دیدو بیرورا جیاواز بوو، دەروێشی زانست و تینوی رێگایەك بوو دەیویست بە خاكی بوون و تەوازوع بگاتە ئامانج، هەرواش بوو ئەو زۆر شتی كردوو زۆریشی بە كراوەیی بۆ ئێمەی دۆست و هاوریٚ جێهێشت وەك دەستنوس و یادەوەریەكانی،

ئەوە چ قەدەرێكە من ئێستا سوچێك لە ژیانی ئەكرەم باس ئەكەم و لەژیاندا نەماوەو لە هەولێرەوە دوای تەرمی پاكیزەی ئەكرەم و ماڵ و منالْی كەوتوین تا خاكی هەڵەبجەی شیرین، خاكە پڕ لە كەلاوەو قوڕینەكەی هەڵەبجە، ئەوە چییە

**هەمووومان ئەگرین ئایا ئەمە عیرفانیەتە یان حیزبیەت، بێگومان ئەوە گەردەکانی عیرفانیەتی کوڕە شیرین و دەمبەخەندەو هێشووە کەوتووەکەی بنداری درەختی هەڵەبجەو عەنەب و بامۆکە، ئەها دوای ئەمبوڵانسەکەی کەوتوین و هەموومانی عیرفانی کردووەو بەرامەی بیرەوەریەکانی فرمێسکرێژی کردوین، ئیلاهی ئەم رێگایە ناو بنێن چی؟ ئەمە هەمان قەدەری مەرگ و ژانی هەڵەبجەیە کە دەمێکە ئەم شارە هێشوو ناگرێ و خونچەیی و سومبولیانە وەك ئەکرەم بەناسکی هەڵدەوەرن، بەراستی ئەکرەم سومبول و کاراکتەرو شۆرشڤانی ناو دەلاقەیەکی مێژووی خۆی و شارەکەی بوو کە هێشووانەو بەهارانەو خەمگینانە ووتی هاورێیانم عیرفانیەتی من لێرەوە دەست پێئەکات، ئەوا پێش نەورۆز من و ساراو هێلن ئەرۆین، ئەو ووتی رۆشتنی ئێمە مەتنەو گەلێ جیاوازە لە رۆشتنی گەنجان بەرەو مەنفا، مەنفای ئێمە رۆشنایی و رێگا تولانیەکانی مەرگە و دۆزینەوەی ژیانێکی تازەیە، لای خەڵك مەنفای مەرگ تاریکە وەلێ لای ئێمە ئەم مەنفای مەرگە پرە لە رۆشناییەکانی ژیان و بگرە ژیان لێرەوە دەست پێئەکات و من لێرەوە ئیدی عیرفان ئەنوسمەوەو دوکتۆراکەم تەواو ئەکەم و شەرحی حافز لە چاپ ئەدەمەوەو ئەیکەمە کوردی و بەخوا هەڵەبجەش ئەگرمەباوەش و قەت لەبیری ناکەم، من لەبەر ئەوەی کە سەفەرێکی عیرفانی و  لەزەت برندە ئەکەم پێویستەماڵەوەشم لە گەڵ بێت ئاخر بمبورن بەرگەی ئەم سەفەرە ناگرم گەر ساراو هێلنم لە گەڵ نەبێ و بێ ئەوان من نارۆم، مەلەکانی ئاسمان پێکەوە کۆچ ئەکەن و دەروێش و موریدانیش پێکەوە حاڵ و وەجد ئەیانگرێ و قامیشانی ناو بێشەلانیش پێکەوە سەوز ئەبنەوەو موزیك و نەغمەبارانمان ئەکەن، ئەکرەم  کارەکتەری ناو خوانی بەچێژی خۆی بوو، کە خوانی حیزب و ئایدۆلۆژیا نەبوو، توخوا حیزب و بروسکە بێتامەکانی دەرکەن لە یادەوەری مەرگی ئەکرەمدا، وەڵڵا ئەکرەم حیزبی نەبوو، ئەکرەم لەدەرەوەی حیزب دەواری هەڵدابوو، ئەکرەم حیزبی خستبووە ژێر پرسیارەوە، هەربۆیە پێش چەندساڵ لە مەرگە جوان و خەمگین و باراناویەکەی ووتی بە حیزب ماڵئاوا بەژنی مرۆڤ گەلێ باڵابەرزترە لە بەژنی دەستکردی حیزب، خەونی منیش خەونێکی گەورەیەو رەنگە تەنها مەرگ و قەدەر تەفسیری بکات، ئێمە ئەبێت بە تەفسیرو تەئویلاتەکانمان حیزب هەڵوەشێنین و ژیان جوانتر بکەین و مەرگیش قەشەنگتر، تا کارەکتەرە ساختەکان دەستنیشان بکەین و بیاندەینە بەر تیشك نەبا ئەو کاراکتەرانە ببنە پاڵەوانی درۆینەی تیشکەکان، من ئەرۆم بۆ لای رۆحی عاریفە رۆحانیەکان و پیرە نورانیەکانی ووڵاتی خۆم، دە خوایە بمگێڕی بە پیرێکی رۆحانی و عاریفێکی زیندوو نەك زیندویەکی ئایدۆلۆژی مردوو.**

**تێبینی / ئەکرەم عەنەبی شاعیرو نوسەری هەڵەبجەیی و مامۆستاو خوێندکاری دوکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەدین و لەدایك بووی 1976 ، لە تەمەنی هێشوویی 31 ساڵەیدا و لە رۆژی 2007/3/19 و لە رێگای هەولێر – کەرکوك ، موتەئەسیفانە خۆی و سارا خانی خێزانی و هێلنی چاوگەشی کچیان بە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیانیان سپاردو تەنها کچێکی بچکۆلانەیان بەناوی (لادن) لەو رووداوە کارەساتبارەدا لێ بەجێماو هەرسێکیان لە گۆرستانی بامۆکی سەر بە شاری هەڵەبجە بە خاك سپێردران و لادنیش ئێستا بێ نازی دایەو بابە گەورە ئەبێ، ئێمە بۆ تائەبەد ماتەم و پرسەگێڕی ئەم کۆستەین کە کۆستی خزمان و هاورێیان و رەوەندی رۆشنبیری و شاری هەڵەبجەو کوردستانیش بوو، چونکە ئەکرەم عەنەبی چاوگێکی رۆشنبیری و قەڵەمێك بوو پڕ لە مەعریفەو بەبێ پیاهەڵدان بەراستی کەلێن جێدەهێڵێت لە ناو دونیای رۆشنبیریماندا، ئەکرەم عەنەبی هەمانکات زمانزان و توێژەرێکی شەرع و بواری عیرفان و تەئویل و دەهالیزەکانی مێژووی ئاینییش بوو بە شێوە پسپۆریەکەی، خاوەنی دەیان دەقی شیعری جوان و نوسین و توێژینەوەی زانستی و کۆڕو کتێب و**

ناميلكه بوو، دواترينيان كه زۆر دەگمەن و سەنگين و بەبەهايە بەرگى يەكەمى حافزه به كوردى، كه 500 لاپەرەيەو له ژێر چاپدايه كه شەرح و وەرگێرانى زانستيانەى ديوانه دانسقەكەى شاعيرى رۆحانى و گەورەى ئێرانى حافزى شيرازييه كه ئەم كاره شايان به خوێندنەوەى قوولٚ و لەسەروەستانەو كتێبخانەى كورديش تينوى كتێبى وايه، بەداخەوه ئەوەى كه لەدەستمان چوو پياوێكى جوان و شيك بوو له مەعريفەو ناوى ئەكرەم عەنەبى بوو كه خێزانێكى بەهێزو شيكيش له پشتيەوه بوو كه سارا خانمى باموكى بوو يادیان وەخەير. منيش تا ئەمرم هاورێيەتيت له ئامێز ئەگرم و شكۆى مەرگ و قەبرت را ئەگرم كاكه ئەكرەم، برات:ئاسۆعەبدوللەتيف.